ڕونکردنەوەیەك دەربارەی:

**کەمپینی ناڕەزایی بۆ پاراستنی شوێنەوارە مێژوویيە جیهانییەکان لەسەر ڕوباری دیجلە کە ئاراستەی دەستەی پارێزگاری شوێنەوارە جیهانییەکانی UNESCO کراوە**

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کۆماری عێراق و کۆماری تورکیا پێکەوە هەڵساون بە ڕاگەیاندی کەمپینی ناڕەزایەتی دژی بەنداوی ئیلیوس لەسەر ڕوباری دیجلە، کە لەلان حکومەتی تورکیاوە دروست دەکرێت. چاوەڕوانکراوە کە دروستکردنی ئەم بەنداوە کاریگەرییەکی کەمەرشکێنی لەسەر میراتی کلتوری و ژینگەی دەبێت بە درێژای هەموو ڕووباری دیجلە لە ڕۆژهەلاتی میزۆپۆتامیا، هەروەها کاریگەری زۆر خراپیشی دەبێت لەسەر پێکهاتەی کۆمەلاتی و ئابوری ئەم ناوچەیە.

بەنداوی ئیلیوس بە گەورەترین وێستگەی کارەبا-ئاوی دادەنرێت لە تورکیادا. ئەم پرۆژەی دروستکردنی کارەبایە، بە بڕبڕەی پشتی ئەو پرۆژەیە دادەنرێت کە بە پرۆژەی باشوری ڕۆژهەلاتی ئەناتۆلیا ناودەبرێت(GAP)، ئەم ناوچەیەش کوردان لێی نیشتەجێن. ئامانجی پرۆژەی گاپ وەك بانگەشەی بۆ دەکەن بریتیە لە گەشەکردنی کشتوکاڵ و بەرهەم هێنای ٣،٨ mio هەلێ کار بۆ ئەوانەی کە حکومەتی تورکیا پێان دەڵێت"نا-گەشەکردووەکان" لە ناوچە کورد نشینەکان. لە ئێستادا ٦٠% پرۆژەکە تەواو بووە، بەڵام هیچ گەشکردنێك بە دانیشتوانی ئەو شوێنەوە نابینرێت، بەڵکو سەرەرای ئەمەش ئەوان دەبێت باجی گورانکارییە کۆمەڵاتی و کلتوری و ژینگەییەکان بدەن، ئەمەش لە کاتێکدا ناوچەی پیشەشازی تورکی کە دەکەوێتە خۆرئاوای تورکیاوە، داهاتی ئەم پرۆژەیە هەڵئەلۆشێت.

پرۆژەی دروستکرنی بەنداوی ئیلیوس بۆ ماوەی دووساڵە دەستپێکردووە. ئەم بەنداوە دەکەوێتە ٤٥ کم سەروی سنوری خاکی عێراق و سوریاوە، وە ئاستی ئاوی ڕوباری دیجلە بەشێوەیەکی تیرەی بۆ ١٣٦کم بەرزدەبێتەوە بە درێژای ٣١٣کم چواگۆشە. ئەم پرۆژەیەی کە ١٢٠٠ مێگا وایت کارەبا بەرهەم دەهێنێت و بری ٢ ملیار یۆرۆی تێدەچێت، وە مشتومڕێکی زۆری لێکەوتۆتەوە لە ناو کۆمەڵەی دارایی نیونەتەوەییدا. دوای چەند ساڵێك لە فشاری ناخۆی و نێو دەولەتی ECA)Export Credit aganecy)ی هەریەك لە ئەڵمانیاو ئوستورالیاو سویسرا هەنگاوێکی چاوەڕنەکراواویان هەڵهێنا لە مانگی ٧ی ٢٠٠٩دا بەوەی کە کریدت گارەنتی خۆیان وەستان بۆ پرۆژەکە، چونکە حکومەتی تورکیا مەرجە ژینگەی و کۆمەڵایەتی و کلتوری شوێنەوارییەکانی لەبەرچاو نەگرتووە. سەرەرای ئەمەش، حکومەتی و تورکیا و کۆماپانیاکانی سەرچاوەی دارایی تریان دۆزییەوە و بەردەوام بوون لەسەر پرۆژەکەیان١.

کاریگەرییە کلتورییەکان :

میزۆپۆتامیا لە چەند ڕوویەکەوە ناوازەیە: لەڕووی جوگرافی و کەشو هەواو ئاژەڵەوە هەمەڕەنگ و فرە جۆرە. یەکەم گواستنەوەی مرۆڤ لە قۆناغی کۆچەرییەوە بۆ کشتوکاڵی

جێگربوو لەبەشی سەرەوەی میزۆپۆتامیا ڕوویداوە. هەروەها بەڵگەی یەکەمین نیشتەجێبوونی مرۆڤە کە تائیستا دۆزرابێتەوە لەم شوێنەدا بووە٢. بە چەند سەد ساڵێك داوی چەرخی بەردین، مۆڵگەی یەکەم شارشتانییەتی مرۆڤایەتی لەبەشی خواری مۆزۆپۆتامیا بووە. کۆنترین شارەکانی مێژوو دەکەونە ئەملاو لای ڕوباری دیجلەو فوراتەوە. هەزاران شوێنی ئارکۆلۆژی گەواهی ئەو ڕاستییە دەدەن کە دەیان کلتور لێرەدا گەشیان کردووە، کە چانسێکی ڕێزینن تا لە ڕیانەوە هۆشیاری خۆمان لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی گەشە پێبدەین. لە ئێستادا دانیشتوانی میزۆپۆتامیا:کورد و عارەب و ئەرمەنەکان تەنها میراتگری ئەو کلتورانەن لە جیاهاندا.

بەنداوی ئیلیوس بەتەنها ٣٠٠ شوێنی ئارکۆلۆژی دەخاتە ژێر ئاوەوە. کۆنترین گوند لەمێژووی مرۆڤایەتیدا' هالان چێمی' بەهۆی بەنداوێکی ترەوە لە ٢٠٠٣دا کەوتە ژێر ئاوەوە.

حەسەنکێف، بە مێژوویەکی ١٠،٠٠٠ساڵەوە، هەر لە چاخی بەردینەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و لە وێشەوە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، هیچ کات چۆڵ نەکراوە، لەم ڕووەشەوە بە تەواوەتی ناوەزایە. لە ڕاستیدا نمونەیەکە لەسەر ئاستی جیهان کە هەم میراتیکی شوێنەواری تێدایەو هەم چەندان دیمەنی سروشتی دڵرفێن. لێکۆڵینەوەیەك لەم دواییەدا ئەوەی پیشان داوە کە ئەم گوندە لەگەڵ ناوچەکانی تری ڕووباری دیجلە لە کۆی ١٠ پێوەر ٩ پێوەریان تێدایە کە UNESCO بەکاری دەهێنێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی بە چ شوێنێك بوترێت شوێنەرواى مێژوویی جیهانی. کە ئەمەش ژمارەیەکە زۆر بەدەگمەن شوێنەوارەکانی تر پێیگەیشتوون. ئەگەر بەندوای ئیلیوس دروست بکرێت، ئدید بۆ ئەبەد ئەم شوێنە لەناو دەچێت. زانیاری زیاتر لەم سیاتەوە دەست دەکەوێت: http://www.hasankeyfgirisimi.com/en/index-Dateien/unesco-file_engl.pdf

حەسەنکێف بۆ دانێشتوانەکەی ڕەمزێکە بۆ پاراستنی شوناسی خۆیان، هەربۆیە بەتوندی بەرگری لەمانەوەی دەکەن.

کاریگەرییە سروشتیەکان:

تەنها لە سنوری دەوڵەتی تورکیادا، بەنداوی ئیلیسو بەنزیکەی ٤٠٠کم دوجا لە نیشتیمانی چەندان ئاژەڵی دەگمەن لەناو دەبات لەوانە کیسەڵی فوراتی قەباغ نەرم. مانەوەی ئەم ڕووبارە وەك خۆی زۆر گرنگە بۆمانەوەی سروشتی ئیکۆلۆجیانەی ناوچەکە بە گشتی وەك خۆی. ژینگەی ناوچەکە بەگشتی گۆڕانی نیگەتیڤی بەسەردا دێت، وەکو چۆن بەنداوەکانی سەر ڕووباری فورات کاریگەری زۆر خراپی لەسەر کشتوکاڵی ناوچەکە داناوە. دەربارە ئەو زەرەرە ئیکۆلۆجیانەی کە لەسەر ڕووباری دیجلە ڕوودەدات تا ئەمڕۆش لێکۆڵینەوەی ورد نەکراوە لەو بارەیەوە. بەڵام ئەوە زانراوە کە قڕبوونی گەورەی ماسیەکانی لێدەکەوێتەوە لەو ڕووبارەدا. هەروەها دروستکردنی کارەبا لەم بەنداوەوە مەترسی لەسەر تەندروستی هەزارەها کەس دروست دەکات.

کاریگەرییەکانی لەسەر خەڵك:

دروستکردنی بەنداوی ئیلیسو و ئەو ئاوەی کە عەمباری دەکات بە نزیکەی ١٩٩ گوند ژێر ئاو دەخەن، کە حەسەنکێف یەکێکە لەوانە کە دانیشتوانەکی زیاترە لە ٧٨،٠٠٠ کەس. جگە لەمە ٣٠،٠٠٠ هاوڵاتی کۆچەری ڕاستەوخۆ زەرەرمەند دەبن. هەموو ئەم کۆچەریانە و نیوەی هەموو گوندەکان نە هیچ شوێنیکیان هەیە بۆی بچن نەهیچ قەرەبویەکیش دەکرێنەوە. هەرچی گوندە بچوکەکانی تریشە نە شوێنیان پێدارەوە بۆ دووبارە نیشتەجێبوونەوە، نە هیچ سەرچاوەیەکی داهاتیشیان بۆ تەرخانکراوە. ئەو خەڵکانەی بەهۆی ئەم پرۆژەیەوە زەرەر دەکەن داهاتوویەکی پڕ لە هەژاری چاوەڕییان دەکات، ئەوان هەم ڕابردوو هەم گوندو هەم ئەو ژیانە کۆمەلایەتی و خێزانییە کە ڕاهاتوون لەسەری لەدەست دەدەن. هیچ بەژدارییەکی گشتی خەڵکی لە دروستکردنی ئەم بەنداوەدا بەرچاو نەگیراوە. بەردەستەکانی{ئەڵتەرناتیڤەکانی} بەرهەم هێنانی وزە وەکو(تیشکی خۆر، وزەی با، وە مانەوەی ئەو سەرچاوانەی کە هەنوکە هەن)، هەروەها ئەو گەشەکردنەی ناوچەکە خۆی(دانیشتوانی گوندە وێرانکراوەکان، گەشەکردنی کلتوری گەشتیاری، هەروەها ئاژەڵداری) هەموو ئەمانە لە لایەن دانیشتوانی ئەم ناوچەیە و بەرپرسە حکومییە ناوچەییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی ولێکۆلەرانی تورکیا، هەموو ئەمانە لەگەڵ حکومەتی تورکیا گفتوگۆیان دەربارەی مەترسییەکانی ئەم پرۆژەیە کردووە، بەڵام حکومەتی تورکیا هێچ گرنگیەکی پێنەداون.

کاریگەرییە نێونەتەوییەکان(ولاتانی بەشی خوارەوەی ڕوبارەکە)

ئاوی ڕووباری دیجلە تەنها تورکیا لێی سودمەند نابێت، بەڵکو شۆر دەبێتەوە بۆ سوریا و عێراقیش. بەتایبەتی عێراق بەبێ ئاوی روباری دیجلەو فورات نەدەتوانێ درێژە بدات بە کشتوکاڵ و نە دەشتوانێ ئاو بۆ شارەکان دابین بکات. ئەو ئاوەی کە ئەم بەنداوە و بەنداوەکانی تر عەمباری دەکەن زیاترە لە قەبارەی ئەو ئاوەی کە ساڵانە لە تورکیاوە دەگاتە عێراق، هەر خودی ئەم فاکتە ڕادەی مەترسی ئەم پرۆژانە بۆ عێراق دەسەلمێنێت.

ڕێکەوتنە نێونەتەوەییەکان، بە تایبەتی ڕێکەوتنەکان لەسەر یاسای قۆرخنەکردنی ئەو سەرچاوە ئاوییە نێونەتەوەییانەی کە قابیلی دەستلێهەڵگرتن نین٢، داوا لە تورکیا دەکات کە لەگەڵ عێراق و سوریا دانیشتن بکات و بگنە ڕێکوتن لەسەر ئەو پرۆژانەی کە لەسەر ڕووباری دیجلە سازدەکرێن. ئەم چەشنە دانیشتن و ڕێکەوتنانە تائێستا نەکراون. هەربۆیە پرۆژەی بەنداوی ئیلیسو(هەموو ئەو بەنداوانەی تر کە لە چوارچێوەی پرۆژەی گاپ-دان) زۆر کێشەدارە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هۆکارە بۆ ئاڵۆزترکردنی ئەو کێشانە کە هەنوکە لە ناوچەکەدا هەن.

زۆنگاوەکانی میزۆپۆتامیا لە ٢٠٠٣دا وەکو یەدەك لە لیستی شوێنەوارە مێژوویە جیهانییەکان قبوڵکرا، بەهۆی ئەوەی کە هەم ناوچەیەکی تەڕی بەرفرانەوە و هەم نیشتیمانی 'عەرەبە زۆناگو نیشینەکانە' بە خۆیان و ئەو کلتورە ٥٠٠٠ ساڵەکەیانەوە. لەداوی چەند دەیەك لە وێرانکرنی ئەم ناوچەیە، داواجار لە ٢٠٠٣وە پلانێك دانرا بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەم ناوچەیە. هەموو بەروپێشچونەکانی ئەو بەرنامایە هەنووکە لەژێر هەڕەشەی لەناوچوندایە بەهۆی بەنداوی ئیلیوس-وە.(مەترسیەکانی ئەم بەنداوە لەسەر زۆنگاوەکان زۆر زیاترن).

بەڕێزان ئەندامانی لیژنە،

ئێمە بەپەلە داواخوازین لە ئێوەی بەڕێز کە دەرهاویشتەکانی دروستکردنی بەنداوی ئیلیوس لەسەر شوێنەرواره مێژوویە جیهانییەکان لە ناوچەی میزۆپۆتامیا هەڵبسەنگێنن، هەروەها دەوڵەتی توکیا ناچاربکەن کە پەیوەست بێت بە یاساو ڕێنماییە نیونەتەوەییەکانەوە کە دەربارەی ئەو شوێنەواره مێژوویانەن کە مەرجەکانی چونە ناو لیستی شوێنەرواره مێژوییە جیهانیەکانیان تێدایە.

1. کریدت لە لایەن سێ کۆپمانیای تورکییەوە دەدرێت(ئەك، گارەنتی، هەلك) لەگەڵ کریدت گارەنتی لە لایەن حکومەتی تورکیاوە. ئەو کۆمپانیانەی ئێتسا لە پرۆژەکەدا کار دەکەن، چواریان تورکین (بۆنمونە وەکو نیوڕۆڵ و سێنگزڵ) وە کۆمپانیای ئەندریتزی ئوستوڕالی و دوو کۆمپانیای بچوکی سیویسری.

٢.ئەم یاسایانە لە ٢١/٤/ ١٩٩٧ دەرچون لە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان: http://untreaty.un.org/ilc/texts/instruments/english/conventions/8_3_1997.pdf

Initiators:
- Initiative to Keep Hasankeyf Alive, Batman/Turkey, www.hasankeyfgirisimi.com
- XXXXXXXXX